محەمەد حاجی مەحموود بە سەرۆکی پارتی سۆسیال دیموکراتی کوردستان هەڵبژێردرایەوە

ئەمڕۆ پێنجشەممە،پارتی سوسیالست دیموکراتی کوردستان کۆنگرەی هەشتەمی خۆی سازکرد،محەمەدی حاجی مەحمودی وەک سەرۆکی پارتەکە هەڵبژارد.

حاجی مەحمود دوای هەڵبژاردنی بەسەرۆکی پارتی سوسیالست دیموکراتی کوردستان لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند:- بۆ بنەبڕکردنی گەندەڵی کۆنگرەی هەشت ئەنجامدرا

هەروەها وتیشی:کۆنگرەی هەشتەمی پارتی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان بە هەڵبژاردنی سەرۆک و ئەنجومەنی نوێی سەرکردایەتی کۆتاییهات.

باسی لەوەشکرد، کۆنگرەی ئەمجارە لە هەلومەرجێکی هەستیار و چارەنووسسازدا بەڕێوەدەچێت، بۆیە کۆنگرەکە گرنگی خۆی هەیە.

وتیشی، کۆنگرەی ٧ی حزبەکەی، دوو ساڵ بەر لەئێستا بەڕێوەچوو، بەڵام بەهۆی ئەوەی کەسانێکی گەڕەشێوێن حزبیان بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکارهێنا دوورخراونەتەوە و بۆ چاکسازی و ڕێکخستنەوەی کارەکان و بنەبڕکردنی گەندەڵییەکانیش کۆنگرەی هەشت ڕێکخراوە.

جێی ئاماژەیە لە کۆنگرەکەدا حزب ناوی خۆی لە پارتی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستانەوە بۆ پارتی

سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان گەڵی و محەمەد حاجی مەحمودیش بە سەرۆکی حزبەکە هەڵبژاردەوە.

هاوکات پارتی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان ٥٠ ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و ١٠ ئەندامی یەدەگی سەرکردایەتیشی هەڵبژارد.